Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102012

# کاریگەری ستراتیژی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام لەسەر سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یە کوردییەکانیەکان

**شەپۆل فەریق نوری**

بەشی راگەیاندن، کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، تەلەڤزیۆن زانکۆی سلێمانی ،هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیە کی وەسفی شیکاری یە کە تایبەتە بە بواری ریکلامی تەلەفزیۆنی، بنەمای هەڵبژاردنی ناونیشانی تویژینەوەکە دەگەرێتەوە بۆ زانینی ئاستی ئەو کاریگەریی و ستراتیژی بازارگەری لە بواری میدیایی کە کۆمپانیایەکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی هەیانە لەسەر کە ناڵە تەلەفزیۆنی یە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێرق ، لە سەر ئەم بنەمایە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی یە لە کاریگەری ستراتیژی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام لەسەر سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی کوردییەکانیەکان کە سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ریکلامەکانی کۆمپانیای ئەدی میدیا هەروەها فۆکس گروپ بەشێکە لە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە کە بۆ شارەزاییانی بواری بەرێوبردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی رادەی کاریگەری کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی یە لەسەر سیاسەتی بازارگەری و بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنی یە ناخۆییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

فۆکس گروپ، بازارگەری، ریکلامی تەلەفزیۆنی

***Corresponding Author***

## پێشەکی:

دامەزراوەکانی راگەیاندن لە گەڵ پێشکەوتنی بوارە جیاوازەکانی وەك بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەرێوبردنی دامەزراوەکاندا توانیوەتی کاریگەری هەبێت لە سەر سیاسەتی کۆمپانیاکان کە پەیوەندیدارن بە بواری بەرهەم هێنانی میدیایی بە تایبەت لە بواری بازارگەری ریکلام دا لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام لە رێگای ستراتیژی بازارگەری یەوە کاریگەرییان خستوتە سەر سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان بە تایبەت لای ئەو کەناڵانەی کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان ریکلامە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق. بواری ئابوری بەشێکی گەورەیی لە میدیادا چەسپاندووە لە رێگای ناساندن و برەوپێدان و ئەو بازارسازیی کە دەکرێت لە رێگای ریکلامەوە کە لە مێژەوە هەتا ئێستا بەردەوامە، بەڵام لە ئێستا بە هۆی گرنگی دانی پسپۆران بە تایبەتمەند بوونی راگەیاندن لە بوارە جیاوازەکان دا هەمان تایبەتمەندبوون لە راگەیاندا دروست بووە، لە بواری ئابوری دا راگەیاندن لە رێگای دامەزراوەکانی بەرهەم هێنانی بواری ریکلامدا وە سەرچاوەیەکی کرنگ هەژماردەکرێت بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان بە تایبەت کەناڵە سەربەخۆکان لە تەنها ریکلام سەرچاوەی سەرەکی داهاتیانە. دروست بوونی کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان لە بواری کاری میدیای و بە تایبەت لە ریکلامی تەلەفزیۆنی یدا ئاراستەی کارکردنی کۆمپانیانی بەرهەم هێنانی ریکلام لەسەر دوو ئاستە ئاستی یەکەم ستراتیژی بازارگەری کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام لە بازارگەریدا و ئاستی دووەم سیاسەتی بازارگەری کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە رێگای پەخش کردنەوە، بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی کە کێشەی توێژینەوەکە کە لە سەر کاریگەری ستراتیژی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر سیاسەتی کەناڵە

تەلەفزیۆنی یەکان بێت، لە ڕێگای ئەو کاریگەرییانەی کە لەم توێژینەوە دا ڕوونکراونەوە کۆمپانیایی بەرهەم هێنانی ڕیکلام هەیانە بۆ کەناڵەتەلەفزیۆنی یەکان لە بازارگەریدا، دەبێتە هۆی گۆرانکاری لەسیاسەتی کەناڵەکان لە گەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلام دا لە ڕێگای نرخ و شێوازی پەخش و پەسەندکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنی یەکە، لەم توێژینەوە دا کۆمپانیای ئەدی میدیا وەك کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنانی ڕیکلامدا بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی هەیە لە گەڵ گروپی کەناڵەکانی ڤاڵکۆن کە وەك نموونەی کەناڵە ناخۆیی یەکان دا وەرگیراوە.

## بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

لە گرنگترین ئەو بوارانەی ڕاگەیاندن کاری لەسەر دەکات بریتی یە لە بواری بازارگەری یە بە تایبەتیش بواری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کە ڕەنگدانەوەی لایەنە ئابورییەکەیەتی بەهۆی سیاسەتێکی ئابوری لە نێوان کۆمپانیاکانی ڕیکلام و تەلەفزیۆنی یە کوردییەکان، لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ئەو لایەنانەی بازارگەری دەکرێت کە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ڕیکلام پشتی پێ دەبەستن لە بازارگەریدا، بە هۆی پێشکەوتنی بواری بازارگەری لە بواری ڕاگەیاندا و بە تایبەتیش لایەنی ئابوری میدیایی کە هۆکارن بۆ دروست بوونی بیرۆکەی ئەم توێژینەوە یە کە لەم کێشەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە بریتی یە لە:

- ئایا ئەو ستراتیژینەیە بازارگەری لە ڕیکلام دا چی یە کە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەکاری دەهێن؟
- ئایا کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کاریگەریان دروست کرووە لەسەر سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یە کوردییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی پەسەند کردن و پەسەند نەکردنی ڕیکلام لە لایەن کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکانەوە؟

### گرنگی توێژینەوە:

- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بۆ دانانی ستراتیژی گونجاو لە ڕووی بازارگەری کە ببێتە هۆی سەرکەوتنی مامەڵەیان لە گەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان .
- ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران و خوێندارانی زانکۆ بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن لەو بواری بازارگەری میدیایی و پلانی میدیای وەك سەرچاوەیەکی ئابوری.
- ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیە کە بۆ توێژەران لە خوێندنی ئەکادیمی سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بەرێوەبردنی بازار و ڕەخساندنی هەلی کار لە بواری بەرێوەچون و مامەڵەی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان.

### ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە دا ئەم چەند ئامانجە لە خۆ دەگری لە بواری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و بازارگەری دا بریتین لە:

یەکەم: زانینی ستراتیژی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی مامەڵەکردن لە گەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان.

دووەم: زانینی ستراتیژی کۆمپانیایی ئەدی میدیا لەبەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی .

سێ یەم: زانینی سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان لە وەرگرتن و پەسەند کردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنی یەکان.

چوارەم: زانینی ڕادەی ئەو کاریگەری یەی بازارگەری لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلام لە سەر سیاسەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ڕووی پەسەندکردنی ڕیکلامەوە.

پێنجەم: زانینی کاریگەری کۆمپانیایی ئەدی میدیا لەسەر سیاسەتی گروپی کەناڵەکانی ڤاڵکۆن .

### پرسیاری توێژینەوە:

- ئەو ستراتیژییانە چین کە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کاری لەسەر دەکەن لە بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی ؟
- ئایا ئەو ستراتیژی بازارگەرییانە کامەنانەیە کە کۆمپانیای ئەدی میدیا بۆ بەرهەم هێنانی ڕیکلام بەکاری دەهێنێت؟
- کاریگەری ستراتیژی بازارگەری کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر گۆڕینی سیاسەتی کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان لە بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی چۆنە؟
- ئایا کاریگەری سترایتژی بازارگەری کۆمپانیای ئەدی میدیا بۆ سەر سیاسەتی گروپی کەناڵەکانی ڤاڵکۆن تاچ ڕادەیەکە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوە کە  بە پشت بەستن بە لێکدانەوەی بیردۆزەی دیاری کراو بۆ ئەم توێژینەوە یە کە بنچینەیە بۆ ئەم گریمانانەی خوارەوە کە بریتی یە لە :

1. کۆمپانیاکانی  بەرهەم هێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کاردەکەن بۆ دیارکردنی چەند ستراتیژێکی سەرکەوتوو لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لە ڕووی شێواز ڕیکلامی تەلەفزیۆنی .

2. ریکلامی بەرهەم هاتوو لە لایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی گرنگی بە هەموو ستراتیژێکی بازارگەری داوە لە ریکلامی تەلەفزیۆنی .

3. سیاسەتی نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی و کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان پەیوەستە بە بواری بازارگەری.

4. پێویستی دروست بوونی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی بۆ بەرهەم هێنانی ریکلام و کارگەری خستنە سەر کەناڵەتەلەفزیۆنی یەکان لە رووی بازارگەری یەوە.

## جۆری میتۆدی توێژینەوە

جۆری ئەم توێژینەوە ی وەسفی شیکاری یە، توێژینەوەی وەسفی بەکاردەهێنرێت لە خستنەرووی دیاردەکان لە رووی تایبەتمەندییەکانیان و شێوازەکانیان و پەیوەندییەکانیان و هۆکارە کاریگەرییەکانیان ئەوە بە واتای توێژینەوەی وەسفی توێژینەوەیەکە لە ئێستادا لەسەر رووداو دیاردەکان بە پێچەوانەی جۆری توێژینەوەی مێژوویی کە کار لەسەر توێژینەوە لە رابردوو دەکات ، ئەم توێژینەوەیە لە ریگای خستنەرووی ئەو زانیاریە واقیهیانەی لە سەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و بە کارهێنانی ستراتیژەکان لە ریکلامی تەلەفزیۆنی یەدا بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری وورد.

**هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە:**

ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دیاری کردنی بابەتی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. کاریگەری کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنای ریکلام لە هەرێمی کوردستان روو لە زیاد بوونە بە بەراوورد لە بەرهەم هێنانی ریکلام بۆخاوەن کار و تەلەفزیۆنە کوردییەکان وە جیاوازی تایبەتمەندی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە نێوان کۆمپانیاکانی تایبەت بە ریکلام و تەلەفزیۆنە کوردییەکان.

2. بە هۆی گرنگی کەناڵە کوردییەکان کە بە رێژیەکی بەرچاو بوونەتە ناوەندێك بۆ بازارسازی لە گەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام لە رووی کاری مێدیایی و بازارسازی یەوە.

3. بە هۆی بوونی پەیوەندی نێوان میدیا بە بازارگەریی یەوە لە چوارچێوەی ریکلامی تەلەفزیۆنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی کەناڵەکان دروست کردووە.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی تووشی کۆمەڵێك ئاستەنگ و بەربەست دەبێت لەبەردەم توێژەر دا ، لەم توێژینەوەیە ش ئاستەنگەکان بریتیی یە :

- نەبوونی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر پەیوەندی کۆمپانیای میدیایی تایبەت بە ریکلام و کەناڵە تەلەفزیۆنی یەکان بکات لە رووی بازارگەری و هونەری یەوە بە شێوەیەکی گشتی لە ریکلام دا .
- نەبوونی سیاسەتێکی دیاری بازارگەری لە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلام دا کە بتوانرێت میدیاکاران ئاشنای بن و توێژەر دەست کراوەتر بێت لە توێژینەوەکە دا .

**ئامرازەکانی شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیە دا پشت بەستراوە بە بەرنامەی شیکاری SPSS (Statistical Package For Social Science) وەك کەرەسەیەکی پێشکەوتووی ئاماری بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری بە دەست هاتووەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گەیشت بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە هەروەها لە رێگای ئەم بەرنامەیەوە چەندین کرداری ئاماری تێدا بەم شێوەیە بەکار هاتووە

زانیاری و داتاکان داخلی بەرنامەی 26SPSS Version کراوەن، پاش داخل کردنی داتاکان ئاماری وەسفی (Descriptive Analysis) و One Sample T-Test و One Way ANOVA بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی 26SPSS version.

تاقی کردنەوەی Independent Sample T-Test بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان دوو نموونە وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان (جۆری ئەو کارەکتەرە سەرەکی یەی لە ریکلامەکەدا بە کارهاتووە) ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە).

تاقی کردنەوەی One Way ANOVA بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان زیاتر لە دوو کۆمەڵگا وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان چوار چین لە پشت بەستنی ریکلام بە کارەکتەری جیاواز بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە).

# بەشی دووەم

## پاری یەکەم

## چەمکی بازارگەری و بەشە پەیوەندیدارەکانی بازارگەری

- چەمکی بازارگەری

بە پێ ی ئەو چەمکانەی کە پێناسە بۆ چەمکی بازارگەری کراوە لە لایەن شارەزاییانەی وە لە دیدی هەریەکەوە پێناسەی جیای بۆ کراوە ، بۆ نموونە کۆمەڵەی مارکێتینی ئەمریکی لە پێناسەی بازارگەریدا بەم شێوەیە یە: بریتی یە لە پرۆسەی نەخشەکێشان و دیاری کردنی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە شێوەی فرۆشتن و دابەشین، لە پێناو جێبەجێکردنی خواستی بەکاربەر دا ، بواری بازارگەری پێویستی بە نەخشە کێشان هەیە وە بازارگەری کار لەسەر

داناى پلان و خوێندنەوە بۆ کێشەکان و چارەسەرى کێشەکان دەکات لە پێناو دەست خشتنى بەرژەوەندى لە بوارە جیاوازەکانى بازارگەرى ، لە شیکارى و ناساندنى بازارگەریدا دەبێت چوار خاڵ رەچاو بکرێت : (حسین، 2020: ل19)

1. ناساندن ، دەست نیشانکردن و پەرەسەندنى بەرهەم .
2. دیارى کردنى نرخى بەرهەم .
3. ریکلامکردن بۆ بەرزکردنەوەى ئاستى ئاگادارى و راکێشانى سەرنجى کریاران .
4. هەڵبژاردنى رێگایەك بۆ بڵاوکردنەوە کە لەو رێگایەوە بەرهەمەکان بگاتە دەست کریاران .

لە بوارى بازارگەرییدا پەیوەندى پتەوەیە لە قۆناغەکانى بازارگەریدا لە قۆناغى ناساندن و قۆناغى نرخدانان و قۆناغى ریکلامکردن و قۆناغى گەیشتن بە کریاران ، لەسەرتادا قۆناغى ناساندنى بەرهەم یان بیرۆکە دەست پێ دەکات پاشان ئەم ناساندنە پێویستە نرخى بۆ دیارى بکرێت بە رووى بازرگانى یەوە نرخە بەڵام لە رووى بازارگەرى سیاسى یەوە گرنگى یە و کاریگەرى یە ، پاشان ئەم بەرهەمە پێویستى بە ریکلام هەیە کە لە خزمەت بەرژەوەندى قۆناغى ناساندنەکە دەبێت ، سەرکەوتنى ریکلام پەیوستە بە سەرکەوتنى لە ناساندن و نرخى گونجاو لە بابەتى بازارگەرییەکەدا، کە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانى ستراتیژى بازارگەرى یەوە بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەى ریکلامکردن ، لە پاشان قۆناغى هەڵبژاردنى رێگایەکى گونجاو دێت وەك ناوەندێك تاوەکو بە کەمترین تێچوو وە بە بارشترین رێگاو بە خێراترین کات بکاتە دەست کریکاران. بازارسازى لە بنچینە دا دەست پێ کردنى رکابەریە و هەڵدانە بۆ سەرخستن لە باربەرییکان لە بوارە جیاوازەکانى بارگەریدا چ سیاسى بێت یان بازرگانى یان کۆمەڵایەتى یان بوارى راگەیاندن ......... هتد، لە زۆربەى سەرچاوەکانى بازارگەریدا لایەنى توێژینەوەى بازارگەرى - بحوپ التسویقى و پەیوەندى و هادانى بازارگەرى و ستراتیژى بازارگەرى و پلاندارێژى بازارگەرى - تخگیگ التسویقى لە گرنگترین لە لایەنانەى کە شارازایانى بوارى بازارگەرى کارى لەسەر دەکە بۆیە منیش وەك توێژرەیەك لەم توێینەوەیە دا ناساندنى هەموو ئەو چەمکانە دەخەمە روو کە پێویستە لە بوارى بازارگەریدا باس برێن کە بریتین لە لایەنەکانى: (سلێمان، 2020: ل15).

**بەشە پەیوەندیدارەکانى بازارگەرى:**

یەکەم / توێژینەوەى بازارگەرى - بحوث التسویقى :

توێژینەوەى بازارگەرى بەشێکى گرنگە لە سیستەمى زانیارى بازارسازى دەزگاکانى کار کە تێبینى و لێکۆڵینەوە و تەفسیرى کێشەکان دەگرێتە خۆى لە پێناو بریاردانى بازارگەرى کە پەیویستە بە بازارسازى یە وە ، لێرە وە دەرکەوێت بوارى بازارسازى لەسەرجەم ئەو زانیارییانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستن بە کێشەیەى بازارگەرى یەوە وە بریارى گونجاو دەدرێت لە چوارچێوەى پلاندا ، کە ئەمەش کارى بەرێوەبردنى بازارگەرییە ، کە راستەوخۆ کار لەسەر توێژینەوەى بازارگەرى و هاندان و ریکلامى بازارگەرى و گەشەکردنى و بریارى لە بەرهەمى بازارگەرى دەدات (معلا، 2015: ص15).

دووەم / بەرێوەبردنى بازارگەرى - أداره التسویق :

لە پێناسەیەکدا کە لە یەکێك لەسەرچاوەکاندا چەمکى بەرێوەبردنى بازارگەرى دەخاتە رووە بەم شێوەیەیە، بەرێوەبردنى بازارگەرى بریتى یە لە لە کۆى چالاکیە پلانى و شیکارى و جێ بەجێ کارى و چاودێریەکان لەسەر بەرهەم (حسین، 2020: ل28).

کەواتە بەرێوەبردنى بەرهەم لە بازارسازى دا هەڵدەسێت بە چاودێرى کردن لە سەر کۆى چالاکى یەکانى دەزگاکە کە بەشى لێکۆڵینەوە و پاندانى بازارسازى لە خۆ دەگرێت ، کە لێرەوە بەرێوەبەرەى بازارگەرى سەرجەم زانیارییەکان وەردەگرێت و پلانى گونجاوى بۆ دەدەنرێت لە دەبێتە سەرپەرشتیارێکى سەربەخۆ بەمەبەستى دانانى نرخ بۆ بەرهەمەکە ، یان دانانى رۆڵ لە رووى لایەنە کۆمەڵایەتى یەکانەوە ، بە تایبەتى لە بوارى مێدیادا کە بەرێوەبەرى دەزگایەکى مێدیاى لە رێگاى زانیارى دەستخستنەوە و برەو بەو جۆرە بازارگەرییە مێدیاییە دەدات کە بە ئامانجى گرتووە بە شێوەى راستەخۆ یان ناراستەخۆ .

سێ یەم / لایەنى پەیوەندى بازارگەرى و برەوپێدان - الاتصالات التسویق و التروج :

لایەنى پەیوەندى بازارگەرى لە نێو بازارسازیدا رۆڵى جیاوازى هەیە کە بە پێچەوانەى رۆڵى بەرێوەبردنى بازارگەرییە وە یە کە کار لەسەر ناوخۆ دەکات بەڵام لە پەیوەندى بازارگەرى کار لە سەر دەرەوەى دەزگاکە دەکات کە بریتى یە لە جەماوەر یان کریار یان وەرگر ، کە راستەوخۆ ئەو زانیاریانە وەردەگرێت لە جەماوە بەر ئامانجى پەیوەندى کردن و بەرهەمهێنانى بەرهەم بە خواستى بەکاربەر یان وەرگر لە پێناو بەرژەوەندى ئەو بوارە بازارگەرییەى کە دەزگاکە ئەنجامى دەدات ، لایەنى پەیوەندى هاندان لە بازارگەریدا بریتى یە لە سازانى هەوڵى هاندان و بازارگەرى دیکە لە پێناو گەیشتن بە رێژیەکى باڵا لە زانیارى و دروست بوونى کاریگەرى و بروا لاى بەکاربەر (البکرى، 2009: ص67)، ئەکەکانى لایەنى برەوپێدان بریتى یە لەم چەندخاڵە :

- زانیارى پێدان بە کریار لەسەر بەرهەم و بیرۆکە ى تایبەت .
- ئەرکى زیادکردنى گرنگى دان بە زانسارى لەسەر بەرهەم و بیرۆکە بە تایبەتى لەکاتى ململانى بازارگەریدا 3

- هەوڵدان بۆ رازی کردنی بەکاربەری دیاری کراو لە ڕێگای سود بینین لە بەرهەمەکان و بیرۆکە و خزمەتگوزارییە پێشنیازکراوەکانەوە کە ببێتە هۆی تێکردنی پێداویستی و ڕەزامەندی بەکاربەر (المصطفی، 2020: ص128).

چوارەم / ستراتیژی بازارگەری - أستراتیجیه التسویق :

بوونی ستراتیژی بازارگەری لەسەرجەم بوارکاندا لە پێناو گەیشتنە بە ئامانجەکان لە ڕێگای بە کارهێنانی میکانزمێکی گونجاوە وە لە بواری بازارگەریدا . دەکرێت ئەو جۆرە میکانزیمە بەرنامە بۆ دارێژارو بێت کە خۆی لە پلانی ستراتیژی بازارگەرییەوە دەبینێتەوە،

لەو ڕووانگەیەوە ستراتیژی بازارگەری کار لەسەر بەروپێش چوونی چالاکی دەکات ، بە بۆچوونی نوسەر و توێژەر (Dibb) لەسەر ستراتیژی بازارگەری بریتی یە لە ئاراستەکردنی بازاری دیارکراوە لە رووی چالاکی و جۆری رکابەری کە پێویستە گەشەی پێ بدرێت و بەرهەمدار بێت ، لە هەموو بوارەکانی بازارگەری ستراتیژی بازارگەری جێگەی بایەخە لە ڕووی مامەڵە کردن لەسەر چۆنێتی چالاکی یەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی دەزگاکە ، لە دەزگایەکی راگەیاندا ستراتیژی تایبەت بە خۆی دیاری کردووە لە سیاسەتی کەناڵەکە جێ بە جێ ی دەکات ، ئەم ستراتیژی بازارگەری یە لە چوارچێوەی ماوەیەکدا جێ بە جێ دەکرێت وە پاشان قابیلی گۆڕانە بە پێی بوونی گۆڕانکاری لە خودی بازارگەری و سیاسەتی دەزگاکە گۆڕانکاری بەسەر دێت (الصمیدعی، 2004: ص119).

پێنجەم / تێکەڵەی بازارگەری - المزیج التسویقی :

هەر دامەزاراوەیەك کار لەسەر چەند رەکەزێك دەکات لە بواری بازارگەریدا بەگشتی هەندێك لەو رەگەزانە هابەشن لە بازارسازیدا لە نێو دامەزروەکان ، بۆیە تێکەڵەی بازارگەری بریتی یە لە کۆمەڵێك رەگەوی بازارگەری کە دامەزاروە بەکاردەهێنێت بە شێوەیەکی هاوتەریب و یەکسان و پلان بۆ دارێژراو دیراسەکراو لە پێناو پرکردنەوەی خواستی کریار وە لە هەمان کاتدا بە دەست هێنانی ئامانجی دامەزراوەکە.

لەوانەش بەرهەم کە دەکرێت لە دەزگایەکی راگەیاندا بەرهەمی تەلەفزیۆنی بێت یان دەنگی یان تێکست بێت وە نرخ کە بەهای ئەو بەرهەمە دیاری دەکات بۆ وەرگر یان بەکاربەر ، هەروەها رەواج پێدان بە بابەتێکی دیاری کراو لە ڕێگەی بانگەشە بۆ کردن یان ریکلامەوە ، هەروەها گرنگی دان بە هۆکاری گەیشتن بە بەکاربەر و بواری پەیوەندی دەگرێتەوە ، بە تێکەڵ کرن لە پەیامێکی دیاری کراودا یان بەرهەمێکی دیاری کراودا ئەرکی بازارگەرییە کە لە ئاست جیاوازەکاندا دەردەکەوێت لە رووی کاریگەری یەوە (حسین، 2020: ل28 – 29).

## پاری دووەم

## • چەمکی ستراتیژی بازارگەری و گرنگی ستراتیژی بازارگەری

### ستراتیژی بازارگەری:

لە ناساندنی چەمکی ستراتیژی بازارگەری بەدەست هێنانی سەرجەم ئەو دەستکەوتانەیە کە لەبواری پراکتیکی کاری بۆ دەکرێت بە پشت بەستن بە لایەنی توێژینەوەی بازارگەری بە کارکردن لەسەر بە تێکەڵەی بازارگەری (مسج التسویق)ی بەشێوەی جێ بەجێ کردنی ستراتیژی کورت مەودا و درێژ مەودا لە رووی کاتەوە لە پێناو رکابەری کردن وگەشەکردن و چالاك بوونی سەرجەم لایەنەکانی ئەو دەزگایە لە نێو بازارگەریدا ، هەموو ئەم لایەنانە لە پێناو بەدەستخستنی قانزانجی زیاتر و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەو پێناوەدا ستراتیژی بازارگەری کار لەسەر دوو ئاست دەکات کە بریتی یە لە ئاستی ناوخۆ لە بواری بەرێوەبرد و پلاندانانی بازارگەری ، وە لە ئاستی دووەم دا کار لەسەر بەرهەم و بەکاربەر و میکانیزمی رکابەری کردنی بازار دەکات ، لە بەرێوەبردنی بازارگەری چەند لایەنێکی ستراتیژی رەچاودەکرێت کە بریتین لە :

- ستراتیژی بەدواداچوون کە رێکخراوی یە و لایەنەکانی رکابەری دەگرێتەوە .
- چۆن بتوانرێت بە زیادکردنی چالاکی لە ئەو ستراتیژی یەوە.
- پێویستە بۆ سەقامگیری بوون و ئامانجی لە گۆڕانکاری بێت (الصمیدعی، 2004: ص120).

### جۆرەکانی ستراتیژی بازارگەری:

بە شێوەیەکی گشتی چوارجۆر سترتیژی هەیە بە پێ ی دابەشکاری (Rize & Troot) لە کتێبی ( Marketing Warfain)

1. ستراتیژی بەرگری لە بازارگەریدا ( Defensive Marketing Stratege)

بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیە تەکنیکی بەرگری یە لە وبەشەی لە بازاردایە لە ڕێگای ناساندنی شتومەك و خزمەتگوزاری نوێ کە وادەکات خاوەنی ئەم ستراتیژی یە سەرکردایەتی بکات لە بواری کار بە رادەیەکی بەهێز بە بەراورد بە رکابەرەکانی تری ، لەر رووی بازارگەرییەوە ئەو ستراتیژیە بۆ مانەوەی یەلە نێو رکابەری بازارگەریدا ، لە ڕێگای دووبارە خۆ ناساندنەوە بە بەکاربەرەکان ، لەم شتراتیژیە دا بەکاربەر پێشتر زانیاری هەیە لەسەر بەرهەمی کۆمپانیایە یان بەرهەم هێن ، لە ڕێگای خۆ نوێ کردنەوە دووبارە ناساندن بۆ خزمەتگوزاریە نوێکەی (الصمیدعی، 2004: ص122).

2. ستراتیژی تایبەتمەندی و ووردبوونەوە ( Focus Strategy)

لەم ستراتیژی یە دا بەکرداری کردنی چالاکی بۆ ماوەیەك کە تێدا ڕێکدەخرێت بۆ بەکار بەر و بەرهەمەکان ، ئەم ستراتیژی یە کاریگەری دروست دەکات لە ڕێگای قەبارەی چالاکی ڕیکلامەکەوە (عبدالعزیز، 2009: ص35).

3. ستراتیژی هێرشبەری لە بازارگەریدا ( Attack Marketing Stratege)

ئەم ستراتیجیانە باشترین ڕێکخراوەکانی پەیوەندار بە بارزارگەریەوە ئارەزووی گەیشتن بە ڕکابەری دەکەن لە ڕێگەی ئەم ستراتیجی هێرشبەری تایبەت بە بازارگەری کە پێشەنگە لەو بوارەدا . ئەم ستراتیجیە لە هەوڵدایە بۆ ئاشکراکردنی خاڵی لاوازی ڕکابەر لە پێناو هێرش بردن لە لایەکی دیکەوە دەرخستنی خاڵی بەهێزی بەکاربەر لە پێناو بە کارهێنانی لەبەرژەوەندی خۆی ، ئەم جۆرە لە ستراتجیە هێرشبەریە لە چەند لایەنێکەوە کار لەسەر بازاردەکات بۆنموونە لە ڕێگای پرکردنەوەی خواستی بازار و دانانی نرخی گونجاو بۆ ڕاکێشانی زیاتری بەکاربەر و جێ بەجێ کردنی خواستەکانی بەکاربەر تاوەکو بە ئەو کۆمپانیاییەی ئەم جۆرە ستراتیژیە بەکاردەهێنی دەست بەسەر بازاردا بگرێت ، هەوەها لە ڕێگای جۆراوجۆری بەرهەمەکان و ئەو ڕووبەرە جوگرافییەی یەوە بۆ دابەشکردنی بەرهەم و هەروەها پێشکەوتن بەرهەم دا ئەم جۆرە ستراتیژیانە هۆکارن بۆ جێ بەجێ کردنی ستراتیژی هێرش بەرانە لە بواری بازارگەری دا، کە کۆمپانیاکان پشتی پێ دەبەستن (عبدالعزیز، 2009: ص35).

4. ستراتیژی بازارگەری پاشکۆ - بەدواداکەوتن (Marketing Follows Stratge)

وادینرێت ئەم جۆرە ستراتیژیە زیاتر لە لای ئەو کۆمپانیا بچوکانەوە جێ بەجێ دەکرێت کە توانای ڕکابەری کۆمپانیا جیهانیەکانیان نی یە ، زیاتر گرنگی بە لایەنکی بازار دەدەن و قورسایی هەوڵەکان دەخەنە سەر ، ئەم ستراتیجیە بریتی یە لە لاسایی کردنەوە بەرهەم کە قازانجی هەبێ بۆ نموونە ستراتیجی نوێ کردنەوەی بەرهەم کە پیش وەخت تێچووی زۆر تەرخان بکرێت بۆ گەشە پێدانی بەرهەم و دابەشکردنی لە بازار بە زانیاری تەواوە ، کە ئەم جۆرە ستراتیژیە هەڵدەسێت بە کۆپی کردن یان گۆڕانکاری کردن یان لەبەرگرتنەوە (الصمیدعی، 2004: ص126).

5. ستراتیژی پەی بردن یان دۆزینەوە ( Flanking Marketing)

ئەم جۆرە ستراتیجیە بریتی لە لە دۆزینەوەی بەرهەمێکی نوێ یان خزمەتگوزارییەکی نوێ کە پێشکەش بە بەکاربەرەکانی دەکرێت لە بواری بازارسازیدا کە قازانجێکی زۆر بە دەست دێت ، بۆیە هەمیشە بازار بە دوای بەرهەمی نوێدا دەگەڕێت کە بەکاربەر خواستی لەسەرە لە چاو بەرهەمی کۆن ، لەبواری بازارسازیدا بەهەمی نوێ پێشتر تاقیکردنەوە و توێژینەوەی بازارسازی بۆ دەکرێت بە تایبەت لە لایەن کۆمپانیا جیهانی یەکانەوە.

6. ستراتیژی هەڵبژاردنی دانانی نرخی گونجاو :

ئەم سراتیژیە کار لەسەر سیاسەتی دانانی نرخ دەکات لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە کۆمپانیاکە دەیخانە بەردەم کریارەکانی بەمەبێ ڕەزامەنی زیاتر ، سیاسەتی نرخ بەشێکە لەو ستراتیژییانەی بواری بازارگەری کاری لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکانی بازار ، نرخدانان لایەنێکی یەکلاکەروەیە بۆ بڕیاردان لە کرینی بەرهەمە جیاوازەکان لە لایەن بەکارهێنەرانەوە وە بنەماسەرەکی هێزی بڕیاردانی کریارە .

ئەم بەشانەی خوارەوە تایبەتن بە ستراتیژی نرخدانان (الموسسه العامه للتعلیم الفنی و التدریب المهینی السعودیه):

- نرخدانانی جێگیر بۆ بەرهەم بە بێ ڕەچاوکردنی کاتی فرۆشتن و بری فرۆشراو یان داواکاری کریار .
- نرخدانان بە شێوازی جیاواز بە ڕەچاوکردنی کاتی فرۆشتن و بری فرۆشراو یان داواکاری کریار .
- نرخدانان کە بگونجی لە گەڵ ئەو بەرهەمەی لە بازاردا هەیە .
- نرخدانان کە زیاتر بێت لە نرخی ئەو بەرهەمەی لە بازاردا هەیە .
- نرخدانان کەکەمتر بێت لە نرخی ئەو بەرهەمەی لە بازاردا هەیە.
- نرخدانی بە شێوازی نوێ کە زۆر بەرزبێت یان زۆر نزم بێت لە بازاردا (کاظم، 2013: ص57).

7. ستراتیژی بەرهەم لە بازارگەریدا :

ئەم ستراتیژی یە سەرجەم ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیدارن بە نمایشی بەرهەم بۆ پەیوەست بوون و گونجاندن لە گەڵ پێویستی کریار و دروست کردنی دۆخی داواکاری ، لە دووبەشی سەرکی پێکدێت :

- ستراتیژی بایەخدان بە بەرهەم : بریتی یە لە ستراتیژی نمایشکردنی بەرهەم بۆ یەکەم جار و قۆناغەکانی دواتر لە بازاردا ، کە بەکاردەهێنرێت لە قۆناغەکانی گەشەکردنی بەرهەم و دەرکەوتنی لە نێو ڕکابەری بازار .
- ستراتیژی ئاسانکاری بەرهەم : ئەم ستراتیژی یە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری بەرهەمە بۆ ڕووبەربوونەوەی دۆخی سەخت لە بازار و ڕزگاربوون لە بەرهەمەکانی دیکەی نێو بازار لە ڕێگای ئاسانکاری یەوە ،لەم ستراتیژی یە دا کەم کردنەوەی جۆر و شێوەی بەرهەم دەکرێت لە بازارگەریدا (مصطفی، 2015: ص20).

## گرنگی ستراتیژی بازارگەری:

- یارمەتی دەرە بۆ ناسینی ئەو ژینگە یەی کە کاری تێدا دەکرێت ، دۆزینەوەی هەلی بازارگەری کە ئاسان بێت و زانینی چوارچێوە و هەرەشە کە کاریگەری هەبێت لەسەر کارەکە .
- بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان چالاکی پرۆژە و ئەو ژینگەیی کە کاری تێدا دەکرێت .
- یارمەتی دەرە بۆ چالاکی پرۆژە بۆ دیاری کردن و شیکاری تایبەتمەندییەکانی بازار کە کاری تێدا دەکرێت لە ئێستا و رابردوو و داهاتوودا .
- یارمەتی دەرەوە بۆ پیاوانی بازارگەر بۆ پێشبینی کردن بۆ داهاتوو و دۆزینەوەی کێشەی بازارگەری کە رووبدات و دۆزینەوەی هەلی گەرانەوە بۆ بەربەرەکانی.
- یارمەتی دەرەرە بۆ پیاوانی بازارگەر لە ناسینی کاریگەری داهاتوولەسەر بریاری ئێستایان .
- یارمەتی دەری بەرێوبردنە لە دیاری کردن و شیکاری خەلکی بەهێز و بێ هێز لە چالاکی پرۆزەکە بە بەراورد بە رکابەری.
- یارمەتی دەرە بۆ پێوانە کردن ودیاری کردن و شیکاری و پۆلێنی هەلی بازارگەری و دیاری کردنی لەسەر بنەمای زۆرترین ئامانجی واقعی .
- بە دواداچونێکی تەواو کاری یە لە نێوان چالاکی و جێ بە جێ کردنی بازارگەری لە لایەك و لە نێوان چالاکی و پرۆژە لە لایەکی دیکە .
- ئاسانکارییە بۆ چاودێری کردنی چالاکی بازارگەری و کەمکردنەوە یان گەشەپێدانی لایەنەکانی کارکردنی زیان بەخش (عبدالعزیز، 2009: ص38).

## پاری سێ یەم

- **ریکلامی تەلەفزیۆنی و بنەماکانی ریکلام**

## ریکلامی تەلەفزیۆنی

بواری پەیوەندی لەم سەردەمەدا تەلەفزیۆن وەکو ناوەندێکی گەیاندن کاریگەری دروست کردووە لەسەر بازار لە رووی ئابوری یەوە بۆیە لە چەند پێناسەیەدا بۆ ریکلامی تەلەفزیۆنی و گرنگریامە دەخرێنە روو کە ریکلامی تەلەفزیۆنی کاریگەری لەسەر بازار هەیە بۆ ناساندنی کالا و ئاراستەکردنی بواری بازارگەری لەبەرژەوەندی خاوەنکار لە نێو رکابەرەکانی یدا ، Callanhan دەبێت "باشترین ئامراز دەبێت چی بێت بۆ خاوەن بازارٍ و کۆمپانیاکان کاتێك بیانەوێت گەشەی ئابوری خێرا بکەن جگە لە ریکلام" (حسین، 2020: ل7)، هەروەها ریکلامی تەلەفزیۆنی بە هۆی گەیاندنی دەنگ رەنگەوە دەتوانرێت ئەو پەیامە بگەیەنێت بۆ بینەر تاوەکو زیاتر کاریگەری بخاتە سەر بینەر لە رێگای روونکردنەوە و شێوازی بروا پێکردن بۆ کالاکە ، هەروەها لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەی بازارگەری ئەمریکا AMA ریکلام "بریتی یە لە توانایەکی تاکەسییانە و لەبەرامبەر برە پارەییەك لە لایەن پارەدەرێکی دیاری کراو دەدرێت بۆ خستنەرووی بیروبۆچونێك یان خزمەتگوزارییەك و بروپێدانێك" ، بەرهەم هێنانی ریکلام لە رێگای لایەنێکی پەیوەندیدار بێت کە شارەزایی هەبێت لە رووی کاری هونەری و تیوری یەوە ، ئەو ریکلامانەی پەیوەندارە بە بواری ئابوری لە رێگای ناوەندێکی ئابوری و مێدیای بەرهەم بهێنرێت بۆ چەسپاندنی رۆڵ و ئەرکی ریکلامی تەلەفزیۆنی کە بتوانێرێت کاریگەری لەسەر بینەر دروست بکات لە رێگای گەیاندنی بیرۆکە بە بینەر بە بەکارهێنانی دەنگ و رەنگ لە قاڵبێکی هونەری گونجاودا ، لەو توێژینەوانەی سەبارەت بە ریکلام ئەنجامدراوە ئەویان دەرخستووە کە پێویستە لە پاڵ هەر ریکلامێکەوە ئامانجێك یان چەند ئامانجێك هەبێت .

بۆنموونە لە توێژینەوەیەك دا کە لە نێوان 300 کۆمپانیا کراوە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا کە ئامانج لێ ی دەرخستنی ریکلامی چالاك بووە کە بریتی بووە لە : (راشد، 1981: ص52)

- دەستخستی سەرمایەداری زیاتر لە فرۆشتن دا.
- دروست کردنی تێگەیشتن و گرنگی دانی ئەرێنی لەسەر بەرهەمی کۆمپانیا و خزمەتگوزارییەکان و جولاندنی ئارەزووی کرین.
- هاندان بۆ داواکاری لە بەرهەمەکانی کۆمپانیا.
- دروست کردنی وێنەیەکی خۆشەویست لە نێو ناوبانگی کۆمپانیا .
- هاندان لە لایەن بریکارەکانەوە لە پاڵپشتی کردن لە بەرهەمەکانی کۆمپانیا بە چالاکی ریکلامی و فرۆشتن .
- یارمەتی پێشکەش کردن بە بریکاری نوێ لە بازار دا.

لەو توێژینەوە یەدا دەردەکەوێت بەکارهێنانی ریکلام لە رووی ئەرك و ئامانجەوە لە خالانەی سەرەوە دا هاوبەشن کە بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە بواری بازارگەری ئەو کۆمپانیایانە بکات لە نێو بازاردا ، دیارە جیاوارزی ستراتیژ و ریکلام وای کردووە کە هەر کۆمپانیایەك گرنگی بدات بە لایەنێکی بازارگەری یان جۆرە ستراتیژێکی ریکلام پەیرەو بکات، بۆیە پێویستە باس لەو ستراتیژ و بنەمای دروست کردنی ریکلام بکەم کە دەبێتە بەرهەم هێنانی ناوەرۆکی ئەو پەیامەی لە ریکلامێکی تەلەفزیۆنی یدا هەیە کە لە زۆرێك لە سەرچاوەکان بە شێوازێکی جیاواز ناوی ستراتیژی ریکلامی هێنراوە ، هەندێك سەرچاوە بە رۆڵی ریکلامی ناو دەهێنرێت لە چوارچێوەی ستراتیژی دیاری کراو لە لایەکی دیکە بە ستراتیژی ریکلام لەسەر بنەمای دروست کردنی ریکلام ناو دەهێنرێت.

لەم توێژینەوەیە دا ئەو لایەنانە دەخەمە روو کە ریکلامی تەلەفزیۆنی لە سەربنەمایەکی مێدیای کە لە ناوەرۆك و لایەنی

هونەری پێك دێت و ستراتیژێکی یان چەند ستراتیژێك لە پەیامی ریکلامەکەدا رەنگدەداتەوە کە ببێتە دیاری کردنی رۆڵ و ئامانجی ئەو ریکلامە لە بواری بازارگەریدا، لەسەرچاوەکاندا ستراتیژی لە رۆڵی ریکلان لە بازارگەریدا و ئەرك و ئامانجی ریکلام لە بازارگەریدا باش کراوە ، ئەم دووبەس بریتیتن لە

- رۆڵی ریکلامی ئابوری :

ریکلامی ئابوری کە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەو پەیوەندییە نێوان مێدیاو جەماوەری دەکات لە قۆناغی یەکەم ، ریکلام کاریگەری دەخاتە سەر جەماوەر لە رێگای ئەو پەیامەی کە هەیەتی و لە رووی ناوەرۆکە هەڵگری ستراتیژی بازارگەرییە کە کار لەسەر زەهنی وەرگر دەکات ، لەم پرۆسەیە یەکەدا کە ریکلامی تەلەفزیۆنی لە ناساندنی کاڵایەك لە نێو جەماوەردا رۆڵی فێرکاری دەبینێت و پەیوەندی نێوان کاڵاو جەماوەر دروست دەکات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و سودی کریار ، کە دەبێتە هۆی پاراستنی بەژەوەندی کۆمپانیا بەرهەم هێنەکان لە نێو بازاردا لە رووی رکابەری نێو بازار لە لایەك وە لەلایەکی دیکە رادەی رەوامەندی کاڵاکە بە گەڵ جەماوەر دا دەپارێزێت، لە هەندێ سەرچاوە بە سێ قۆناغ ناودەبرێت ئەم پرۆسەیە کە بریتی یە لە :

قۆناغی یەکەم / ئەرکی پەیوەندی و فێرکاری جەماوەر :

لەم قۆناغە دا ریکلام راستەخۆ کاریگەری دەخاتە سەر جەماوەر لە رێگاری ئەو پەیامەی لە چوارچێوەیەکی هونەری و لە شێواری جیاواز لە رووی بڵاوکردنەوە دا دەگەیەنرێتە جەماوەر چ لە رووی سۆشسال مێدیاوە یان تەلەفزیۆنەوە یان رادیۆ یان رۆژنامەوە بێت ، ریکلام لە قۆناغی فێرکاری جەماوەردا کاڵایەکی نوێ پێشەکش ناکات بەڵکو بیرۆکەیەکی نوێ پێشکەش دەکات و لە پێناو بڵاکردنەوەی شێوازێکی نوێ لە رەفتار و دروست کردنی پلەیەکی نوێ و بەرز لە ژیان کردن لە رێگای دروست کردنی داواکاری نەمایشکراو بۆ جەماوەر (راشد، 1981: ص39).

لەم قۆناغەدا پەیامی ریکلام تاکید دەکاتەوە لەسەر پێداویستی بەکاربەر کە بۆتە پێویستی بۆی ، هەروەها زانیاری دانە بە بەکاربەر لە بوونی کاڵایەکی نوێ لە بازار دا کە جیاوازتر لە کاڵای کۆن یان پێشتر نەبووە کە دەبێتە جیگای سەرنجی بەکار بەر، لە ریکلامێکی بابوری تەلەفزیۆنی لەقۆناغەدا پەیامی ریکلام زیاتر لەسەر سەرنج راکێشان و گرنگی پێدانی بینەری ریکلام دەکات کە دەبێتە ناوەرۆکی ستراتیژی ریکلامی بازرگانی .

قۆناغی دووەم / ئەرکی رکابەری نێو بازار :

یەکێك لە لایەنەکانی دیکەی بازارگەری راکابەری کردنی بازارە ، ریکلامی ئابوری بە ئاراستەیەکی دیکە کار لەسەر رکابەری نێو بازار دەکات ، بەڵام ریکلام لەم قۆناغی دووەمە خۆی دەچەسپێنێت بەسەر بەکارهێنان لە رێگای.

ئارەزووە وە بە مەبەستی بروا پێهێنان لە گەڵ کات دا هەڵبژاردەی ئەو کاڵایە بێت لە نێو براندە جیاوازەکان ، بە واتای لەم قۆناغەدا ریکلام رۆڵی بروا پێهینان بە بینەر دەرکات مێدیا لە رێگای بە تێربوونی بیرۆکە لە زەهنی بینەری ریکلام و وە کاریگەری خستنە سەر بینەر وادەکات کە ئەو براندەی کە ریکلامەکە مەبەستێتی زیاتر جێگای سەرنج و بروای خەڵك بێت ، بەمەش جارێکی دیکە مانەوەی براندەکە و بواری رکابەری ئەو براندە کە بازارگەری یەکی باشی بۆکراوە لە رێگای ریکلامەوە رکابەری لەگەڵ براندەکانی دیکە دەکات بۆ زیاتر زاڵ بوون بەسەر هەژموونی بەسەر بازار دا (الصحن، 1993: ص107).

قۆناغی سێ یەم / ئەرکی پاراستنی ناوبانگ :

لەم قۆناغەدا ریکلام رۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەگێرێت بۆ زیاتر خۆشەویست بوونی ئەو براندەی لە نێو بینەری دا بەمەبەستی زیاتر بڵاوبوونەوە لە نێو کریاراندا ، دیارە لە رووەی پێویستە ئەرکی ریکلام زیاتر گرنگی دان بێت بە لایەنی رازاندنەوە، رازاندنەوە یەکێکە لە ئەرك و ئامانجی ریکلام بۆ رازاندنەوەی کاڵا لای جەماوەر بۆ بروایپێهێنان بە کاڵاکە ، بە واتای ریکلام لەم قۆناغەدا ستراتیژێکی بەرگرییانە دەبینی بە مەبەستی زیاتر پاراستنی ناوبانگی براندە بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە نێو خەڵك دا ، لە نموونە ئەو ریکلامانە زیاتر بۆ براندی کۆمپانیاکانی دروست کردنی ئۆتۆموبیل دەکرێت سەرەرای بوونی ناوبانگ بەڵام کۆمپانیا جیهانی یەکان سەرمایەکی زۆر لە بواری ریکلامدا سەرف دەکەن بە مەبەستی پاراستنی ناوبانگ و دووبارە زیندووبوونەوە و بڵاوبوونەوە لە نێو خەڵکی یدا (ابو العلاء، 2010: ص123).

قۆناغی چوارەم / ئەرکی بەرهەمێنان و بڵاوکردنەوە ریکلامی تەلەفزیۆنی :

لەم ئەرکانەوە کە بەپێ قۆناغەکان دەگۆرێت ، لە پاڵ ستراتیژەکانی بازارگەری کە بۆ براندێك دەکرێت لە نێو بازار دا، لە بەرهەم هێنانی ریکلامێکدا جیارێکی دیکە ستراتیژەکانی بازارگەری لە نێو ریکلامەکە دا رەنگدەداتەوە ، بەرهەمێنانی ریکلامی ئابوری لە جیهاندا لە لایەن کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی مێدیا ئەنجام دەدرێت کە هەر کۆمپانیایە لە رێگای

لێکۆڵینەوە و دەست نیشان کردنی بیرۆکەی ریکلام وە پاشان تێکەڵاو کردنی بیرۆکە بە ستراتیژەکانی بازارگەری لە بەرژەوەندی براندی دیاری کراو ئەنجام دەدرێت و لە رووی هونەری یەوە ستافێکی هونەری دەست دەکات بە کاری دەرهێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی وە پاشان لە رێگای بڵاوکردنەوە لە ناوەندە جیاوازەکان ئەو ریکلامە تەلەفزیۆنی یە دەگەیەنرێتە جەماوە چ لە رێگای تەلەفزیۆنەوە بێت یان سۆشیال مێدیاوە بێت.

بنەماکانی ریکلام

لە پێناسەی گشتگیری کۆمەڵەی بازارگەری ئەمریکی A.M.A ریکلام بریتی یە لە گەیاندێکی نا کەسی یە (گشتی یە) لە پێشکەش کردنی کاڵا و خزمەتگوزاری یە کان و بیرۆکەکان لە رێگای لایەنێکی دیار و لە بەرامبەر پاداشتی وەرگیرا، لەم پێناسە یەوە چوار بنەمای سەرەکی هەیە بۆ ریکلام (البکری، 2009: ص198-199).

1. ناوەندێکی نا کەسی یە (گشتی یە) Non personal media :

بەو مانایەی ریکلام دەگەێنێرێتە جەماوەر لە رێگای دەزگایەکی گەیاندنەوەی نا تایبەتی (گشتی) ، کە دەکرێت نوسراو بێت یان بینراو یان بیستراو بێت ، کە ریکلام دەکرێت لە رێگای ناوەندێك نەك لە رێگای پەیوەندی کەسی یەوە بێت .

2. پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکە Presentation of goods,servies,idea

هەر ریکلامێك لە نامێنێتەوە لە لایەنێکی دیارکراو لە پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانە بە جەماوەر ، بەڵکو پێشکەشکردنی کاڵا لە رووی مادی و خزمەتگوزاری جیاواز لە رووی شێواز و هەروەها بیرۆکە لەرووی رۆشنبیری و فێرکاری و سیاسی دەگرێتەوە.

3. لایەنی دیار : Identified sponsor

مەرجی ریکلام ئەوەیە پێش ناساندن لایەنە کە دیار بێت ، کە کۆمپانیایەك خاوەنداری بەرهەمێك دەکات یان بریکاری تایبەتمەندە ، لە بەر ئەوەی ئەو مەرجە پەیوەندی هەیە بە سیفاتی ریکلامەکەوە لە رووی باوەرپێکردن و پابەندبوونەوە.

4. وەرگرتن لە بەرامبەردا : Money paid

پیشاندان و بڵاوکردنەوەی ریکلام لە رێگای دەزگایەکی پەیوەندی گشتی یەوە پێویستە بە دانی برە پارەیەك بە لایەنی بەرپرس لە بەرامبەر چالاکی ریکلام کردن لە ناوەندەی بڵاوکراوەتەوە، ریکلام لە بنچینەدا چالاکی یەکی بازرگانی یە کە ئامانج لێ‌ی قانزانجە.

تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکێك بۆ ریکلامی تەلەفزیۆنی :

توانایەکی زۆری رووماڵکردنی هەیە، توانای داهێنانی لە خستنەرووی هەیە ،بەکارهێنانی نیگار و رەنگەکان و جووڵە سەرچاوەیەکە بۆ کاتبەسەربردن و خۆش بژی .

هەروەها لە توێینەیەوەکدا ئەوە دەخرێت روو کە لە پێناسەی ریکلامدا چوار تایبەتمەندی تیدابێت :

یەکەم / ریکلام هەوڵدانێکی کەسی نی یە : لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان ئەو کەسی ریکلامی هەیە لە گەڵ خەڵك (بینەری ریکلام) بە رێگایەکی نا راستەوخۆ و یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندن .

دووەم/ ریکلام تێچویەکی دیاری کراوی هەیە : وە ئەوەی ریکلام لە پروپاگەندە یان دەنگۆ جیا دەکاتەوە کە دەنگۆ تێچوی نی یە.

سێ یەم / ریکلام کورت نابێتەوە لە نمایشی کاڵاکە و بروپێدانی بە تەنها بەڵکو هەریەك لە بروپێدانی بیرۆکە و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە.

چوارەم / ریکلام پاڵ پشتی دەکرێت لە لایەن کەسێکی دیاری کراو کە هەڵدەسەێت بە پێدانی تێچووی ریکلام (ئەحمەد، 2020: ل51).

**جۆرەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی**

یەکەم : لە رووی شێوازی پەخشکردنەوە: (محمد، 2017: ل68)

1. ریکلامی سادەی دەنگی .
2. ریکلامی گفتوگۆ
3. ریگلامی درامی .
4. ریکلامی سەرپەشتیاری (سپۆنسەری)

دووەم : لە رووی شێوازی پەخشکردنەوە :

1. ریکلامی راستەخۆ
2. ریکلامی ناراستەوخۆ

**بەشی سێ یەم**

**پاری یەکەم**

**شیکار و ئەنجامی شیکاری ناوەرۆکی ریکلامەکانی تایبەت بە کۆمپانیای ئەدی میدیا**

زانیاری و داتاکانی ئەم راپرسییە لەلایەن 35 رێکلامی کۆمپانیای Ad Media کۆکراوەتەوە، پاشان زانیاری و داتاکان داخلی بەرنامەی SPSS Version 26 کراوەن، پاش داخل کردنی داتاکان ئاماری وەسفی (Descriptive Analysis) و One Sample T-Test و One Way ANOVA بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی SPSS version 26.

تاقی کردنەوەی Independent Sample T-Test بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان دوو نموونە (Blbas, 2019) وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان (جۆری ئەو کارەکتەرە سەرەکی یەی لە ریکلامەکەدا بە کارهاتووە) ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە).

تاقی کردنەوەی One Way ANOVA بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان زیاتر لە دوو کۆمەڵگا ( Blbas et al., 2020) وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان چوار چین لە پشت بەستنی ریکلام بە کارەکتەری جیاواز بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە)

**ئەنجامەکان**

خشتە (1) خشتەی دووبارەبووەوە بۆ تەوەری تایبەت بە بە شێوازی ڕێکلامی تەلەفزیۆنی (ڕووکار)

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|
| جۆری ئەو کارەکتەرە سەرەکی یەی لە ڕیکلامەکەدا بە کارهاتووە | ئامراز | 13 | 37.1% |
| | مرۆڤە | 21 | 60.0% |
| | هەردوکیان | 1 | 2.9% |
| جۆری مادەی خامی ڕیکلامەکە | ئەنیمی یە | 20 | 57.1% |
| | وێنەگیراوە | 13 | 37.1% |
| | هەر دوو جۆر(تێکەڵ) | 2 | 5.7% |
| پشت بەستنی ڕیکلام بە برەودان لە ڕێگای | براندێکی دیار | 18 | 51.4% |
| | خزمەتگوزاری بەرهەمەکە | 6 | 17.1% |
| | کەسایەتی دیار لای بینەر | 3 | 8.6% |
| | خزمەتگوزاری بەرهەمەکە + براندێکی دیار | 8 | 22.9% |
| تەمەنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی یدا | پیر | 8 | 22.9% |
| | گەنج | 8 | 22.9% |
| | منداڵ | 1 | 2.9% |
| | هەرسێکیان | 5 | 14.3% |
| | هیچیان | 13 | 37.1% |
| پێشکەشکردنی پەیامی ڕیکلام بە شێوازی | خوێندنەوە تێکست | 19 | 54.3% |
| | دەنگی زیندوی نێو ڕیکلام | 12 | 34.3% |
| | گۆرانی و مۆزیک | 2 | 5.7% |
| | خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و مۆزیک | 2 | 5.7% |
| دەنگی کارکتەری سەرەکی ڕیکلامەکە | پیاو | 24 | 68.6% |
| | ئافرەت | 7 | 20.0% |
| | هەردوکیان | 2 | 11.4% |

خشتەی ژمارە 1 بریتییە لە خشتەی دووبارەبووەوە بۆ پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوە، ڕێژەی مرۆظ (60%) زیاترن لە ڕێژەی ئامراز (37.1%) کە لە کارەکتەری سەرەکی لە ڕیکلامەکەدا بە کارهاتووە کە لە شێوەی ژمارە (1) ڕوون کراوەتەوە لە هەمان کاتدا زۆربەی جۆری مادەی خامی ڕیکلامەکان ئەنیمی بوون (57.1%) کە لە شێوەی ژمارە (2) ڕوون کراوەتەوە.


پیرو گەنج وەک کارەکتەری سەرەکی بەیەکسانی بەشداربوونە لە ڕێکلامەکان (22.9%) کە لە شێوەی ژمارە (4) ڕوون کراوەتەوە وەهەروەها زۆربەی ڕێکلامەکان پشت بەستن بووە بە برەودان لە ڕێگای براندێکی دیار (51.4%) کە لە شێوەی ژمارە (3) ڕوون کراوەتەوە.

زۆربەی پێشکەشکردنی پەیامی ڕیکلامەکان بە شێوازی خوێندنەوە تێکست بووە (54.3%) پاشان بەشێوازی دەنگی زیندوی نێو ڕیکلام (34.3%) و گۆرانی و موزیك (5.7%) یەک لەدوای یەک دێن کە لە شێوەی ژمارە (5) ڕوون کراوەتەوە، لەهەمان کاتدا زۆربەی دەنگی کارەکتەری سەرەکی ڕیکلامەکان پیاون (68.6%) کە لە شێوەی ژمارە (6) ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی (2) ئەنجامی تاقی کردنەوەی تائی Independent ( Sample T-Test) لە نێوان (جۆری ئەو کارەکتەرە سەرەکی یەی لە ریکلامەکەدا بە کارهاتووە) ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە)

| | | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی | ئامراز | 13 | 46.508 | 10.317 | -3.018 | 0.005 | بەهادارە |
| | مرۆڤە | 21 | 70.143 | 26.913 | | | |

خشتەی ژمارە (2) ئەنجامی تاقی کردنەوەی تائی بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە) ڕوون دەکاتەوە، لەبەرئەوەی بەهای چاوەڕوانکراو (0.005) بچوکترە لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاززی واتاداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە) وە لەبەرژەوەندی مرۆڤ دایە. مرۆڤەکان زیاتر کاتیان پێویست بووە لە ڕێکلامەکان بەبەراورد لەگەل ئامرازەکان لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێری مرۆڤەکان (70.143) زیاترە لە ناوەندەژمێری ئامرازەکان (46.508) کە لە شێوەی ژمارە (1) ڕوون کراوەتەوە.





شێوەی (1) وێنەی بار چارت (Bar Chart) بۆ نیشاندانی ناوەندە ژمێری بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە)

خشتەی (3) ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Way ANOVA لە نێوان پێشکەشکردنی پەیامی ریکلام بە شێوازی چیاواز بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە)

| | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (F) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە تێکست | 19 | 48.526 | 15.278 | 7.417 | 0.001 | بەهادارە |
| دەنگی زیندوی نێو ریکلام | 12 | 85.467 | 27.539 | | | |
| گۆرانی و موزیك | 2 | 60.600 | 22.062 | | | |
| خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و موزیك | 2 | 66.500 | 31.820 | | | |
| Total | 35 | 62.909 | 26.633 | | | |

خشتەی 3 بریتییە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Way ANOVA لە نێوان چوار چین لە پێشکەشکردنی پەیامی ریکلام بە شێوازی چیاواز بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی (چرکە)، جیاوازییەکی ئاماری بەهادار هەیە لە نێوان چوار چین لە پێشکەشکردنی پەیامی ریکلام بە شێوازی چیاواز بۆ ماوەی کاتی ریکلامی تەلەفزیۆنی لەبەۆئەوەی ترخی بەهای چاوەڕوانکراو (0.001) بجوکترە لە ترخی ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (α=0.05). بۆ زانیاری زیاتر جیاوازی ناوەندە ژمێری بۆ هەر چوار چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە لە وێنەی (2) ڕوون کراوەتەوە کە دەنگی زیندوی نێوریکلام بەرزترین ناوەندە ژمێری (85.467) هەیە پاشان خوێندنەوەی تێکست و گۆرانی و

موزيك (66.5)و پاشان گۆرانی و موزيك (60.6) و پاشان خوێندنەوە تێكست (48.526) یەک لەدوای یەک دين.




شێوەی (2) وێنەی بار چارت (Bar Chart) بۆ نيشاندانی ناوەندە ژمێری بۆ دەرخستنی جياوازی نێوان نێوان پێشكەشكردنی پەيامی ريكلام بە شێوازی چياواز بۆ ماوەی كاتی ريكلامی تەلەفزيۆنی (چركە)

خشتەی (4) تاقی كردنەوەی Tukey HSD بۆ دەۆخستنی جياوازی ناوەندەژمێری لەنێوان دوو چينی جياواز لە پێشكەشكردنی پەيامی ريكلام

| (I)پێشکەشکردنی پەیامی ریکلام بە شێوازی | | جیاوازی ناوەندەژمێری (I-J) | بەهای چاوەڕوانکراو |
|---|---|---|---|
| خوێندنەوە تێکست | دەنگی زیندوی نێو ریکلام | -36.940* | ٠.٥٥١ |
| | گۆرانی و موزیك | -12.073 | ٠.870 |
| | خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و موزیك | -17.973 | ٠.671 |
| دەنگی زیندوی نێو ریکلام | خوێندنەوە تێکست | 36.940* | ٠.٥٥١ |
| | گۆرانی و موزیك | 24.866 | ٠.433 |
| | خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و موزیك | 18.966 | ٠.652 |
| گۆرانی و موزیك | خوێندنەوە تێکست | 12.073 | ٠.870 |
| | دەنگی زیندوی نێو ریکلام | -24.866 | ٠.433 |
| | خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و موزیك | -5.900 | ٠.992 |
| خوێندنەوە تێکست + گۆرانی و موزیك | خوێندنەوە تێکست | 17.973 | ٠.671 |
| | دەنگی زیندوی نێو ریکلام | -18.966 | ٠.652 |
| | گۆرانی و موزیك | 5.900 | ٠.992 |

خشتەی 4 بريتيە لە تاقی كردنەوەی Tukey بۆ دەرخستنی جياوازی ناوەندەژمێری لەنێوان چوار چينی جياواز لە پێشكەشكردنی پەيامی ريكلام، جيازازييەكی بەهادار هەيە لە نێوان ناوەندەژمێری خوێندنەوەی تێكست و دەنگی زيندوی نێو ريكلام لەبەرئەوەی ترخی بەهای چاوەڕوانكراو (0.001) بجوكترە لە ترخی ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (α=0.05). جياوازيەكی بەهاداری ئاماری هەيە لەنێوان دەنگی زيندوی نێوريكلام و خوێندنەوەی تێكست لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێری دەنگی زيندوی نێوريكلام (85.467) زياترە لە ناوەندە ژمێری خوێندنەوەی تێكست (48.526)

## دەرئەنجامی توێژينەوە:

1. گرنگی دان بە ستراتيژی نوێكاری لە بەرهەم هێنانی ريكلامی تەلەفزيۆنی لە لايەن كۆمپانياكانی بەرهەم هێنانی ريكلام لە هەرێمی كوردستانی عێراق و بەكارهێنانی فۆرمی جياواز لە بەرهەم هێنان دا هۆكارە بۆ بوونی ئاستی جياواز و كاريگەری جياوازی لەسەر كۆمپانياكانی بەرهەم هێنانی ريكلامی تەلەفزيۆنی.

2. ئەو ستراتيژييانەی لە لايەن كۆمپانيا ناوخۆيی يەكانی بەرهەم هێنانی ريكلامی تەلەفزيۆنی يەوە بەكاردێت كە كۆمپانيای ئەدی ميديا وەك سامپڵ وەرگيراوە زياتر پشت دەبەستێت لە سەر هەڵبژاردنی بەرهەم و برواپێنانی بەرهەم لە ريكلامی تەلەفزيۆنی يدا وە گرنگی دان بە كۆاليتی بەرهەم دروست كردنی پەيوەندی نێوان ريكلامی تەلەفزيۆنی و بينەر لە رێگای ئەو كەسايەتی يە ديارنەی كەلەريكلامەكاندا رۆڵ دەبينين، هەروەها شێوازری دابەشكردنی ناوەرۆكی ريكلام و لايەنی هونەری ريكلامی تەلەفزيۆنی گرنگی زياتری پێدراوە لە لايەن كۆمپانياكانی بەرهەم هێنانی ريكلام .

3. سياسەتی كۆمپانياكانی بەرهەم هێنانی ريكلامی تەلەفزيۆنی لەسەر بنەمای نرخی بەرهەم و كواڵێتی بەرهەم و كات و خاوەن ريكلام، لە هەمان كاتدا سياسەتی كەناڵە تەلەفزيۆنی يەكان بەشێوەيەگی گشتی خۆگونجاندنە لە گەڵ نرخ و ئاستی ريكلامەكە كە پێچەوانەی سياسەتی گشتی كەناڵە كە نەبێت.

4- جياوازی واتاداری ئاماری هەيە لە نێوان ناوەندە ژمێری ئامراز و مرۆڤ بۆ ماوەی كاتی ريكلامی تەلەفزيۆنی (چركە). مرۆڤەكان زياتر كاتيان پێويست بووە لە رێكلامەكان بەبەراورد لەگەڵ ئامرازەكان لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێری مرۆڤەكان (70.143) زياترە لە ناوەندەژمێری ئامرازەكان (46.508).

5- جياوازی ئاماری بەهادار هەيە لە نێوان چوار چين لە پێشكەشكردنی پەيامی ريكلام بە شێوازی جياواز بۆ ماوەی كاتی ريكلامی تەلەفزيۆنی كە دەنگی زيندوی نێوريكلام بەرزترين ناوەندە ژمێری (85.467) هەيە پاشان خوێندنەوەی تێكست و گۆرانی و موزيك (66.5)و پاشان گۆرانی و موزيك (60.6) و پاشان خوێندنەوە تێكست (48.526) یەک لەدوای یەک دين.

## سەرچاوەكان:

سەرچاوە كوردييەكان:

بەهادين ئەحمەد ، (2020)، هونەر و ئاكاری جارڕدان، و:مامۆستا ڕابەر ڕەشيد ، كوردستان.

بەهادين ئەحمەد محەمەد ، (2017)، ريكلام و پەيوەندی گشتی و بازاڕكردن ،دزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی – كوردستان.

حسين ، نە زاكەت حسين، (2020)، هونەری ريكلامسازی و ريكلام كردن،ناوەندی سارا، سلێمانی ، 2020.

حسين، نەزاكەت حسين حەمە، (2020)، بازارگەری و بازارگەری ميديايی ، چاپی يەكەم ، سلێمانی ، چاپخانەی كارۆ.

سلێمان ،لەيلا محمد (2020) ،بازارگەری ، چاپی يەكەم ، سلێمانی ، چاپخانەی كۆشكی سەرا.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

ابو العلا, د.محمد على، (1993)، التسويق الاعلانى و اللاكترونى، دار الغلم و الايمان للنشر و التوزيـع.

البكرى ، ثامر (2009)، الاتصالات التسويق و التورج ، ضاثى دووةم ، عمان ، دار الحامد.

البكرى، د.ثامر، (2009)، الاتصالات التسويقية و الترويـج ،دار الحامد ، عمان . ط2.

راشد، احمد عادل ، (1981)، الاعلان ، 1981 ، دار النهضة العربية ، بيروت.

الصحن، محمد فريد، (2010)، الاعلان ، الدار الجامعة،

الصميدعى , محمود جاسم محمد، (2004)، استراتيجيات التسويق، دار و مكتبة الحامد،عمان ،2004.

عبدالعزيز، سامي، (2009)، تخطيط حملات اعلانية ، جامعة القاهرة ، 2009.

كاظم ، جاسم راهى كاظم ، (2013)، ستراتيجيات التسويق و اثرها فى ولاء الزبون، بحث منشور مجلة القادسية للعلوم الادارية و الاقتصادية ،مجلد 17 ، العدد 1.

المصطفى، سامر، (2020)، الاتصال التسويقى ، جامعة العربية سورية ، سوريا.

مصطفي، مصطفي عبده نور,( 2015)، الاستراتيجيات التسويقية وأثرها في تحقيق الميزة التنافسيةرسالة ماجستيرغير منشور، كلية علوم دارة الاعمال، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا.

مصطفي، مصطفي عبده نور,( 2015)، الاستراتيجيات التسويقية وأثرها في تحقيق الميزة التنافسيةرسالة ماجستيرغير منشور، كلية علوم دارة الاعمال، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا.

معلا،د.ناجى ذيب (2015)، بحوث التسويقى ، ضاثى يةكةم ، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيـع.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Blbas, H. T. A., Aziz, K. F., Nejad, S. H., & Barzinjy, A. A. (2020). Phenomenon of depression and anxiety related to precautions for prevention among population during the outbreak of COVID-19 in Kurdistan Region of Iraq: based on questionnaire survey. Journal of Public Health. https://doi.org/10.1007/s10389-020-01325-9
2. Blbas, H. (2019). Statistical Analysis for the Most Influential Reasons for Divorce between Men and Women in Erbil- Iraq.

**The impact of advertising companies' strategies on the policy of Kurdish TV channels**